بەڕێز و خۆشەویست مامۆستا حەمەسەعید حەسەن

سلاوێکی بێ پایانی پڕ لە بۆنی گیا و گوڵی کوێستانی کوردەواری ئاراستەی ئێوەی لە بەر دلان بۆ سڕینەوەی بەرامەی نامۆیی, کە ساڵەهایە بۆتە مۆتەکەی غەوارەیی و پیێ لە سەر سینگی پڕ لە ڕاز و ژانی داناون.

بێ گومان ئێوە, بە بێ لە ڕوودامان ئێستا ئەستێرەیەگی پڕشنگداری ئاسمانی ئەدەب و وێژەی کوردین. بەش بە حاڵی خۆم وتارە بەنرخەکانی ئێوەی خۆشەویست منی هێنایە مەیدانی ڕەخنە و لێکۆڵینەوە. لە هەر شوێنێکی ئەم کوردستانە گەورە, بێتوو بچووکترین شت لە حەمەسەعیدحەسەن چاپ بێ, بە تامەزرۆییەوە وەگیری دەخەم و دەیخوێنمەوە. بگرە هەندێ وتار, چەند جار. لە وتار و لێکۆڵینەوەکانی خۆمدا ئاماژە بە بەرهەمەکانی ئێوە دەکەم وەك سەرچاوە و بەڵگەیەکی باوەڕ پێکراو و زانستی. ئەو ئیرادەتە گەیوەتە ڕادەیەك کە دۆستان بە شۆخی پێم دەڵێن: ناسر حەمەسەعید حەسەن!

مامۆستا گیان هەروەك بە تەلەفۆن عەرزم کردی ئێمە چاوەڕوانی وتارە بە نرخ و بایەخەکانتین. کتێبی (نووسین بەبێ وشە)و شیعرەکەتان گەیشتە دەستمان سپاسی دڵسۆزی و میهرەبانیت دەکەم. ئەوا وەك دیاری پێنج ژمارەی گۆڤاری مەهاباد بۆ خزمەتتان بەڕێ دەکەم, لە ڕەخنە و پێشنیار بێ بەش نەبین .

مامۆستا گیان لە( سروە)ی ژمارە 166دا وتارێکتان لێ چاپ بووە, لە ژێر سەردێڕی لە بونیادخوازییەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەق, دوو تێبینیم وەك پێشنیار لە سەر ئەم بابەتە بە تایبەتی و سەرجەم ئەم جۆرە وتارانە بەگشتی هەیە:

(1) بونیادخوازی یان بنەماخوازی لە ئینگلیسدا یانی fundamentalism کەئێوە لەبری structuralism دەکارتان کردووە. ڕەنگبێ بەجێ ئەم وشەیە, داڕشتخوازی باشتر جێ بگرێ.

(2) بە داخەوە ئەو بەنێو نوێخوازییەی ئێستا بەرۆکی ئەدەبیاتی ئێمەی گرتووە, زیاتر بۆتە مڵۆزمێك و ژێستێکی ڕووناکبیرانە تا وردبوونەوە لە مانای ڕاستەقینەی ئەم تیۆرییانە, کە ئێستا مشت و مڕیان لە سەرە. من پێم وایە تا ئەو کاتەی ئەم تیۆرییە هاوچەرخانە لە ئەدەبی کوردیدا پراکتیزە نەکرێن سوودێکی ئەوتۆیان نابێ, تەنانەت سەر لە خوێنەریش دەشێوێنن. ئەگەر ماوەتان هەبێ من ئەم کارە بەنرخە لە وزە و توانای ئێوەدا بەدی دەکەم, بەڵکو قوتابخانەی کوردیش (نەك بەم شێوە چەواشەکارییەی ئەمڕۆ,) ببێتە خاوەنی ئەدەبێکی زانستی.

مامۆستا گیان , من ناسری باباخانی خەڵکی شاری مەهابادم و پلەی ماجستێریم لە (کیمیا)دا هەیە و ئێستا لە زانستگا خەریکی دەرس گوتنەوەم. ئەندامی شووڕای نووسەرانم لە گۆڤاری ئەدەبی/ کۆمەلایەتی/ فەرهەنگی (مەهاباد). حەزم لە چیرۆکە و کاری ڕەخنەیی دەکەم. کۆمەڵە چیرۆکێکم ئامادەی چاپ کردووە بەلام بەر لە چاپ زۆرم پێخۆشە بە قەڵەمی ئێوە, ئەگەر شیاو بێ, پێشەکی بۆ بنووسرێ. ئیتر ماڵئاواییتان لێ دەکەم! هەرچەندە وەك بۆ خۆتان فەرمووتانە لە وەلام دانەوەی نامەکاندا برێك کۆڵن, بەلام من چاوەڕێم.

ناسر باباخانی

مەهاباد خەرمانانی 1380 ی هەتاوی